لاوێن دهۆکێ کاسا سەروکێ هەرێما کوردستانێ بدەستخۆڤە دئینن

دهۆک/ ئیحسان حەسەن: تیما هەڵبژارتیێ لاوێن دهۆک ب ناسناڤێ کاسا سەروکێ هەرێما کوردستانێ یاتەپا پیێ هاتە خەلاتکرن دەمێ ب سەرکەفت دیاریکرنا دویماهیێ دا ل سەر تیما هەڵبژارتیێ لاوێن هەولێرێ ب 2-1، دیاریکرنا هەردوو تیمان دا ئەوا ل دووشەمبیا بوری لیارگەها دهۆک، ئەڤ یاریە ب سەرکەفتی ژ لایێ دادڤانان رێبوار عەباس و ئیبراهیم سەعید و عەبدوڵڵا عابد و عەلی محەمەد هاتە برێڤەبرن، ئەم قارەمانێتیە هاتبوە رێکخستن ژ لایێ ئێکەتیا ناوەندی لە هەرێما کوردستانێ بپشکداریا چار تیما ئەو ژی دهۆک و هەولێر و کەرکووک و سوران، ب سیستەما کەفتنا جوت هاتە برێڤەبرن، ل دویماهیێ خەلات ب سەر تیمێن سەرکەفتی هاتە بەلاڤکرن.

سبەی هەولێر میوانداری پایسکلسوارانی عێراق دەکات

جێگری دووەم لە یەکێتی پایسکلسواری عێراقی فیدراڵ بەڕێز تاهیر عەزیز بە لاپەڕەی وەرزشی خەباتی راگەیاند و گوتی: سبەی هەینی رکابەرییەکانی قۆناغی دووەمی خولی یانەکانی عێراق لە هەولێر بۆ پایسکلسواران دەست پێدەکات و دوو رۆژ دەخایەنێت، بەڕێزی گوتیشی: لەپێشبڕکێکاندا کە بۆ پێشکەوتووان و ئافرەتان لە ڕێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو ڕێگای هەولێر-سەڵاحەدین بە بەشداربوونی 7یانە بەڕێوەدەچێت، پێشبینی دەکرێ لە ئاستێکی بەرزدا بێت، چونکە باشترین یاریزانانی کوردستان و عێراق تێیدا بەشدار دەبن.

خەبات/ زیاد

یانەی ئەستێرەکانی کورد لە لەندەن

وەک ئاشکرایە کە بزاڤی وەرزش وەکو یەکێک لە بواڕە هەرە زیندووەکان خۆی لەنێو گۆڕەپانەکانی کوردستان داسەپاندووە، وەرزشوانانی کوردستان لە ساڵانی زووەوە پێگەی خۆیان لە بۆنە وەرزشییەکانی ناوەخۆ و دەرەوە دا کردۆتەوە چەندین نازناوی گرانبەهایان لەخول و پاڵەوانێتییە جۆراوجۆرەکاندا بەدەست هێناوە، لە یارییە وەرزشییە جیاجیاکانیش دا پاڵەوانی وا هەڵکەوتوونە کە بە ئاستی بەرزیان ناوی میللەتەکەیان بە دونیا گەیاندووە، لاوان و وەرزشوانانی کو ردستان گەر لە هەرشوێنێک بن لەبەجێ گەیاندنی ئەرکی سەر شانیان و ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکان دانابڕێن، ئەوەتا بەم دواییە یانەی وەرزشی ئەستێرەکانی کورد KURD STARS خۆی خزاندە نێو گۆڕەپانەکانی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، ئەم یانەیە لەلایەن کۆمەڵێ لاوی کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دامەزراوە کە وەکو هەنگاوی یەکەم ناوی یانەکەیان لە یەکێتی تۆپی پێی ئەوشارە بە فەرمی تۆمارکردووەو بەشداریان لە خولی تۆپی پێی ناوخۆیی پلە سێیدا کردووە، راهێنەری بەناوبانگ (کەنعان مەدحەت) کە پسپۆڕە لە یاریی تۆپی پێ و ئەزموونێکی30ساڵەی لە وڵاتی سوید دا هەیە، ئەرکی مەشقپێدانی یانەکەی گرتۆتە ئەستۆ، خەونی ئەو کۆمەڵە لاوەی کوردستان لە وڵاتی غەریبیدا زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە زیاترە، ئەوان دەیانەوێ لە رێگای وەرزشەکەیانەوە دەنگی کوردستان بە هەموو دونیا بگەیەنن.جیا لەوەش نیازی ئەوەیان هەیە کە لە داهاتوودا چەندین تیپی وەرزشی دیکە لە یارییەکانی تاک و کۆمەڵ لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان دابمەزرێنن، ئەوەی کە لە چۆنیەتی دروستبوون و پێکهێنانی ئەم تیپە تێبینی دەکرێ ئەو گیانە وەرزشییە بەرزەیە کە وەرزشوانانی کوردستان پێی ناسراون، کۆبوونەوەی کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرم لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا و ئامادەسازیان بۆ رکابەری کردن لەگەڵ تیپە بەهێزەکانی ئەو وڵاتەی کە بە یەکێک لە بەنێوبانگترین وڵاتانی جیهان لە رووی پێگەیاندنی یاریزانی بەتوانای تۆپی پێ دادەنرێ، ئامارژەیەکی روونە بۆ بەهرەمەندی کوردستانیان لە تەواوی لایەنە جیاجیاکانی ژیاندا، یانەی ئەستێرەکانی کورد لە ڕێگای وێب سایتی WWW.KURDSTARS.COM خۆی بە کوردستانیان ئاشنا دەکات.

ئەردەلان وەلی

پاڵەوانانی لەشجوانی یانەی سەرچناری سلێمانی نازناوی کوردستان بەدەست دێنن

بەبۆنەی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشییەوە، هەفتەی رابردوو لە شاری قەڵادزێ و بە بەشداربوونی 10یانە، پاڵەوانێتی هەرێمی کوردستان لە لەشجوانی بەڕێوەچوو، پاڵەوانێتییەکە ململانێیەکی بەهێزی بەخۆوە بینی و ئەنجامی کۆتاییش کە پاڵەوانانی یانەی سەرچناری سلێمانی پلەی یەکەمیان بەدەستهێناو 103خاڵیان کۆکردەوە، یاریزانەکانیش ئەمانە بوون: پێشەوا عومەر/کێشی 60کگم -دووەم، ئارام فەتاح/کێشی 70کگم-یەکەم، هەرێم عەلی/کێشی 70کگم-دووەم، نەجمەدین/کێشی 75کگم-یەکەم، عومەر مەحمود/کێشی 75کگم-دووەم، کەمال محەمەد/کێشی 80کگم-یەکەم، هیوا عوبێد/کێشی 90کگم-یەکەم، هونەر عوبێد/کێشی 90کگم-چوارەم.

ن. سلێمانی/ دلێر

ژمارە 27ی گۆڤاری ئاراس-ی وەرزشی کەوتە بەرچاوی خوێنەران

دوێنێ ژمارە 27لە گۆڤاری ئاراس-ی وەرزشی لە دوو توێی بەرگێکی قەشەنگ و ناوەختێکی بەهێز و چڕدا کەوتە بەر دەستی خوێنەران، لەم ژمارەیەدا چەندین هەواڵ و راپۆرتی نێوگۆڕەپانی وەرزشی کوردستان و دیمانەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ بەڕێز حاکم جەمال سەرۆکی یانەی هەندرێن لەخۆ دەگرێت لەپاڵ مەلەفێکی تایبەت دەربارەی مۆندیالی ئەڵمانیاو بەشێکی تەرخانکراو بە زمانی عەرەبی کە چەند تەوەرەو دیمانەو هەواڵی ناوەخۆو دەرەوەی کوردستانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، جێ ئاماژە پێدانە ئەم گۆڤارە مانگانە لەلایەن ئەنجومەنی بااڵی وەرزشی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت، هیوای بەردەوامی بۆ ئاراس-ی وەرزشی دەخوازین.

پێڕێرا: ئەڵمانییەکان لە بەرازیلییەکان نزیکترن لە بردنەوەی نازناوی مۆندیال

لە پێشهاتێکی نوێدا بەم دواییە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا کارلۆس ئەلبێرتۆ پێرێرای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل زۆر بە ڕاشکاوانە گوتی: لە ڕاستیدا هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هاوشان لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل دا پاڵێوراون بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیال، بەاڵم بەڕای من ئەڵمانییەکان لە ئێمەو لە ئیتاڵییەکان نزیکترن لە بردنەوەی ئەو نازناوە، کە 7جار گەیشتۆتە یاریی کۆتایی و تێیدا 3جار توانیویانە ببنە پاڵەوانی مۆندیال و دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاوبێت کە ئەمجارەیان خاک و جەماوەر پشتیوانیانن، ئینجا پێرێرا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ئێمەش پاڵێوراوین بۆ ئەو نازناوە، بەاڵم ئەرکەکەشمان ئەوەندە ئاسان نییەو ئەم ئامانجە کۆشش و ماندووبوونی هەموو لایەکی پێویستەو ئەگەر یاریزانەکانم بیانەوێت ئەو خەونە بێننە دی و بەرگری لە نازناوەکەیان بکەن ئەوا پێویستە بەهەموو تواناکانی خۆیان یاریی بکەن و ڕێگا نەدەن ناوبانگی خۆیان تووشی لە خۆبایبوونیان بکات.

سالار مستەفا

بردنەوەیەک بۆ هینگز

کچە یاریزانی سویسری هینگز یەکەم بردنەوەی بەدەست هێنا لەناو یاریگا لماوییەکان لەوەتەی چوار ساڵی رابردوو پاش ئەوەی بەسەر ماریا کیریلنکۆ بە 6-7,5-7 سەرکەوت، کە یەکەم قۆناغی وارسۆی نێودەوڵەتی تێنسە و کۆی خەڵاتەکانی دەگاتە 585هەزار دۆلار. شایەنی باسە هینگز هیچ یاریییەکی لەسەر یاریگا لماوییەکان ئەنجام نەداوە پاش دۆڕانەکەی بەرامبەر ڤینۆس ولیامس-ی ئەمریکی لە پێش چوار ساڵدا.

نەبەز روستایی

بەرنامەی TVـەکان

* سەتەلایتی کوردستان:15.30: دەنگوباس، 18.00: پەپولەکان، 20.20، پەیڤی خۆت،20.30: دەنگوباس، 21.15 :ڕەهەندی ڕۆشنبیری،23.30:درامای کوردی.

* زاگرۆس TV: 07.00:هەواڵەکان،7.30: ب. دۆسیە،8.00: هەواڵەکان 08.30:ب.گەشتی هەورامان، 09.15:ب.ئەزموون، 10.00:هەواڵەکان10.30: ب. رازو نیاز.

تێبینی: ڕۆژانە لە کاتژمێر 01.00-05.00ی ئێوارە بەرنامەکانی (التاخی) بە زمانی عەرەبی بڵاودەبێتەوە.

* کەناڵی سلێمانی: 8,45 مانشێتی ڕۆژنامەکان، 9,30 ڕیپۆرتاژ، 10,00 هەواڵەکانی سەتەلایتی کوردستان، 10,40 بابەتی شەو.

* کەناڵی کەرکووک: 8,05 ڕۆژانی کەرکووک، 9.45:ڕۆژانی سەختی کوردایەتی، 10,30 بابەتی شەو.

* کەناڵی دهۆک: 7.00 بەرنامێ زاروکا ،7.30: ب. پەروەردەو فێرکردن،8.30: تەمسیلیا کوردی، 12,00 شەڤ بێری.

* کەناڵی رانیە: 7,00:ڕۆژانەی TV، 8.30: هەواڵەکانی زاگرۆس،8.45: هەواڵی ناوخۆ،8.50: ڕۆژانەی خەبات، 9.00: ب. لەنگەر.

بەرنامەی ڕادیۆکان

* دەنگی کوردستان: 7.15: بەیانیت باش کوردستان، 9.00: دەنگوباس، 10.00:پرس و را، 11:00 تەنها پرسیارێک، ر12:00 ،ڕاپۆرت،1:00 الاخبار 5.00: میوان.

* دەنگی کوردستان-کەرکووک: 9.30: ب. ئاوێنەی کەلەپور، 11.05: ب. چریکەی گەرمیان، 5.30: پانۆرامای ڕۆژنامەکان، 6.05: پرسیارو خەڵات.

* دەنگی کوردستان لە رانیە: 8.30: سۆزی دڵان، 11.30: گۆڵزاری گۆرانی، 4.00: ئاوێنەی هونەر، 5.00: چرپەی ئێواران.

* دەنگی کوردستان- دهۆک: 9.00: ب.سپێدە باش کوردستان، 10.00: دەنگوباس، 12.00:پانوراما ئەفرو، 1.30:ب.ئاسویێن ڕوشەنبیری، 1.30: چیروکا تەمسیلی، 3.00:گەریانەک ل گوندا، 4.15:ژڤانێ گوهدارا.

* ڕادیۆی پێشکەوتن:9.00: هەستی هونەر،10,15 هەفتەنامەی سیاسیی، 01.00: ڕۆمان، 02,00: هەر جارەو گۆرانییێژێک.

* ڕادیۆی هەرێم: 9,00: دەرووننزانی منداڵ،10.00: ژمارەو بەخت،2,00 :ڕەوسەی فۆلکلۆر، 4,00 : گۆرانیە نەمرەکان، 5,30 :ستۆدیۆی هەرێم،6,30 : پەیامی ئیسلام.

کەناڵەکانی نوێژ لە پایتەخت

بەیانی:	4.40
نیوەڕۆ:	1.10
عەسر:	4.53
شیوان:	7.58
خەوتنان:	9.13

دەرمانخانەی ئێشکگر

پایتەخت:
دەرمانخانەی شلێر – شەقامی نەورۆز

نرخی دراو

100 دۆلاری ئەمریکی	148.500 دینارە
100 یۆرۆ	176.750 دینارە
500 لیرەی سوری	14.100 دینارە
90 تومەن	150 دینارە
یەک دیناری ئەردەنی	2150 دینارە
یەک ملیۆن لیرەی تورکی	1100 دینارە
یەک مسقاڵ زێڕ	142.500 هەزار دینارە

کەش و هەوا

	پایتەخت	پیرمام	زاخۆ
بەرزترین	31	26	29
نزمترین	21	16	16
ڕادەی شێ	%39	%78	%29

نرخی خواردەمەنی: یەک کیلۆ گۆشت بەرخ وگیسک 8000 دینار، یەک کیلۆ گۆشت مەر و بزن 8000 دینار، یەک کیلۆگۆشت نەرمە 10000 دینار،یەک کیلۆ شەکر 1000 دینار، یەک کیلۆ ڕۆن 1500 دینار،یەک کیلۆ برنج 1000 دینار، یەک کیلۆ دۆشاوی تەماتە 1750 دینار، یەک کیلۆ مریشک 3000 دینار، یەک دەسک سلق 450 دینار، یەک دەسک کەرەوز 250 دینار، یەک کیلۆ پرتەقال 1000 دینار، یەک کیلۆ سێو 1250دینار، یەک کیلۆ خیار 500 دینار، یەک کیلۆ موز 1500 دینار، یەک کیلۆ تەماتە 600 دینار، یەک کیلۆ پەتاتە 300 دینار، یەک کیلۆ باینجان 1000 دینار، یەک کیلۆ کولەکە 750دینار، یەک تەبەقە هێلکە 3000 دینار، یەک کیلۆ لالەنگی 1000 دینار، یەک کیلۆ خاس 750 دینار، یەک لیتر زەیت 1750 دینار.

ژمارەی تەلەفۆنە پێویستەکان

پایتەخت

ئاسایشی هەولێر:(۲۲۲۵۱۸۳-۲۲۲۰۲۳۰)
پۆلیسی فریاکەوتن:(بگۆڕ ۲۲۶۰۰۹۱-۴۴۶۰۱۰۴)
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاگرکوژێنەوە: (۲۲۳۰۲۹۲)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: (۲۲۲۳۲۹۶۸)
دادگا:(۲۲۳۰۳٤۸)
ئاسایشی بەلەد:(۲۲۳۰۱۱۱)
بنکەی ئاگرکوژێنەوە:(۲۲۲۱٥۷٥)
کارەبای هەولێر:(۲۲۳۰۱۹۲)
چاککردنەوەی کارەبا (صیانە):(۲۲۲۳۳۷٥)
چاککردنەوەی تەلەفۆناتی هەولێر: ۱ -۲۲۳۸۰۰۱ ۲۲۳۸۰۰۲-۲۲۷۱۸۸۸-۲۲٥۳۳۳-۲۲۹٤۸۸۸
نەخۆشخانەی ڕزگاری:
۱٤۰-۱٤۱-۲۲۷۱٥۱٦-۲۲۷۱٥۱۸)
نەخۆشخانەی لەدایک بوون و منداڵان:
(۲۲٤۰۰٦۷ - ۲۲٤۰۰٦٦ -۲۲۲۲٤٦٥)
نەخۆشخانەی ئەمەل: (۲۲٦۲٦٥۷-۲۲٦۲٦٥۸)
نەخۆشخانەی فریاکەوتن:(۱۲۲)
نەخۆشخانەی ئیمرجنسی:(٤٦۳٥-۲٤۹۱۱)
نەخۆشخانەی زانیاری:(۲۲۳۰٦۰۸)
نەخۆشخانەی ڕەسوڵی تایبەت:(۲۲۲۹۷۱٤)
نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت:(۱۲۸-۱٤۷)
نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت: (۱۳٥-۱۳۸)
نەخۆشخانەی کۆماری:(۱٥٥-۱٥٤)
نەخۆشخانەی ژینی تایبەت: (۲۲۳۲۱٤٤)
نەخۆشخانەی سینگ:(۲۲۳۰٦۲۸)
نەخۆشخانەی نانەکەلی:(۲۲٤۸٦۸-۲۲۹٤۸۷۰)
یەکێتیی نوسەرانی کورد:(۲۲۲۲۲۸۰)
وەزارەتی ڕۆشنبیری:(۲۲۷۲۷۹۱)
هۆڵی میدیا:(۲۲۳۰۲۷٥)
هۆڵی ڕۆشنبیری:(۲۲٦۱٥۹۷)
هۆڵی گەل:(۲۲۳۰۲۷٤)
هۆڵی زەرد:(۲۲۳۲۱۷۳)
بنکەی ڕۆشنبیری کاوە:(۲۲٤۲۸٤۳)
زانکۆی سەلاحەدین:(۲۲۲٤۱۲۲)
tvهەرێم:(۲۲۳۰٤٤۰)
ڕادیۆی هەرێم:(۲۲۳۱۷٥٤-۲۲۲۱۸٦۲)
سەتەلایتی کوردستان: (۲۲۳۱۹٤۷ پیرمام)
(۲۲۳۱۷۰٤ هەولێر)
(موبایل -٤٤٥٤۰۰۱)
زاگرۆس tv: (۲۲۲٥۱۷۳-۲۲۳۰۹۷۹-۲۲۳۰۹۱۱)
ڕادیۆی دەنگی کوردستان:(٤٤٥٦۲٦۲)
ڕادیۆی دەنگی پێشکەوتن:(۲۲۳۰٦۹٥)
مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن:(۲۲۳۰۲۲۸)
بگۆڕی شەقڵاوە:(۰٦٦۷۲٥۲۰۰۰۰)
بگۆڕی سۆران: ۰٦٦۳۰۰۰٥۱٦

دهۆک

ئەفسەری نۆبەدار ۷۲۲۱۷۰۸
پۆلیسێن هەوار هاتنێ ۱۰٤-۷۲۲۱۷۰۷
نەهێلانا گوناهباریا ۷۲۲۱٦۸۲
بنگەهێ پۆلیسێن خەبات ۷۲٤۱٥۸۰
بنگەهێ پۆلیسێن نەورۆز ۷۲۲۱٥٥۳
بنگەهێ پۆلیسێن سەرهلدان ۷۲۲۱٦۸٦

کەرکووک

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک:(۲۱۲٤٤)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوت:(۲۱۷۱۹٥)
بنکەی پۆلیسی میقداد:(٤٦۲۸٦٥)
بنکەی پۆلیسی نازادی:(۲۱۲۰٦۹)
بنکەی پۆلیسی عەردفە:(۲۱۷۰٦۹)
بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوە:(۲۱۷۰٦۹)
بنکەی پۆلیسی قزریە:(۲۱۲۰۷۱)
بنکەی پۆلیسی پیریادی:(٤۱۹۱٦۸)
بنکەی پۆلیسی داقوق:(٦٥۰۰۰٦)
بنکەی پۆلیسی دووبس:(۰٥۰۷-۳۲۰۰۷)
بنکەی پۆلیسی پردێ:(۰٥۰٦-۷۲٤٤٥)
نەخۆشخانەی نازادی:(۲۱۱٦۲۱-۲۱۱٦۲۲)
نەخۆشخانەی کەرکووک:(۲۱۲۲۲۳)
نەخۆشخانەی منداڵان:(۲۱۷٦۰۱-۲۱۷٦۰۲)
لقی ۳ پارتی دیموکراتی کوردستان:(۲۲۰۲۱۱)

سلێمانی

ئاسایشی فریاکەوتن:(۳۱۲۳٥٤٤)
ئاگر کوژاندنەوە:(۳۱۲۰۹۷۰)
بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە:(۳۱۲۰۹۷۰)
بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی:(۳۱۳۰۱٦۹)
بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی:(۳۱۲٦۲٥۳)